
بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
109
25 ی ئایار/ مەی 2025

## کۆتایی میلیشیاکان!



موحسین کەریم

خەریکە دەوری میلیشیاکان لەچوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستی و بۆرژواییەکاندا لانی کەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرەو کۆتایی دەچێت. ئەم سیاسەتەیان لەژێرناوی " کۆکردنەوە و تەنگەبەرکردنەوەی چەک لە دەستی دەوڵەت"دا ڕاگەیاندووە. ئەم سیاسەتە تەنها ئەو میلیشیایانە ناگرێتەوە کە دەوڵەتەکان لەچوارچێوەی کێشمەکێشەکانیان لەسەر نفوزو بەرژەوەندیەکانیاندا بۆ وەرگرتنی ئیمتیازات لە یەکتری، دروستیان کردوون و هاوکاری سیاسی و چەکداری و داراییان دەکەن، بەڵکو ئەو بزوتنەوە چەکداریانەش دەگرێتەوە کە لە دۆخێکی سیاسی دیاریکراودا، وەکو بزوتنەوەی بەرهەڵستکاری سەریان هەڵداوەو خۆیان ناساندوە و ڕەنگە لەچوارچێوەی بەرژەوەندیە سیاسی و ئەمنیەکانی دەوڵەتە بۆرژواییەکانیشدا جێگایەکیان بۆ هاوکاریکردن پەیداکردبێت.

پرسی " کۆکردنەوەو تەنگەبەرکردنەوەی چەک لەدەستی دەوڵەت"دا، لەدوای ڕووداوی ٧ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ ەوە خشتی یەکەمی دادەنرێت، کاتێک بزوتنەوەی حەماسی فەلەستینی هێرشێکی چەکداری دەکاتە سەر ئیسرائیل و ئیسرائیلیش بۆ تۆڵەکردنەوەو کرینەوەی شکۆی شکاوی

بۆ لاپەڕە ٢

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە



سەرۆکی مەکتەبی سیاسی دەربارەی هەڕەشەکانی مەسعود بارزانی لە حکومەتی عێراق و واژۆکردنی گرێبەستی حکومەتی هەرێم لەگەڵ دوو کۆمپانیای ئەمریکی بۆ وەبەرهێنان لە بواری گازی هەرێمی کوردستاندا!

بۆ لاپەڕە ٣


## پرۆسەی ئاشتی و هەڵوەشاندنەوەی چەکداری!



عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٦

## نان و ژیان و کەرامەت، خورافەی نەتەوەپەرەستی، یان شەڕی چینایەتی !



ئیبراهیم حسین

بۆ لاپەڕە ٨

## کوشتارو برسیکردنی خەڵکی غەززە و نارەزایەتی جیهانی!



نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ١٠

## کراوەیی ئێران هاوشانی دانوستانەکانی لەگەڵ ئەمریکا

عوسمانی حاجی مارف ......... لاپەڕە ١٢

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی....... کۆتایی میلیشیاکان!

سوپا و دەزگا جاسوسی و هەواڵگریەکانی، بە هێرشێکی سەربازی توندو وەحشیانە وەڵام دەداتەوە، کەنەک تەنها چەکدارانی حەماس، بەڵکو ژن و منال و لاو و پیری فەلەستینی وەکو ئامانجی هێرشە سەربازیەکەی راگەیاندو غەززەی بەسەر دانیشتوانەکەیدا روخاند. دواتریش گۆرانکاریەکانی لوبنان و روخانی رژێمی بەشار ئەسەد هاوکێشەی هێزی ناوچەیی بە قازانجی ئیسرائیل و بە زیانی ئێران و میلیشیاکانی لەناوچەکەدا گۆری، کە ئیسرائیل وەکو دوژمنی پلە یەکی خۆی سەیریان دەکات!

ئەم پێشرەویانەی ئیسرائیل بەرامبەر بە بەرەی ئێران، بە پشتیوانی و هاوکاری بێدرێغی سەربازی و سیاسی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپی مەیسەربووە. بۆیە سەرکەوتنی ئیسرائیل لەم کێشمەکێشەدا و ئەو گۆرانکاریانەی روویاندا، هاوکات پێگەی ئەمریکای لەناوچەکەدا بەرەوسەرەوە بردەوە. ئێستا دەرفەتێکی گونجاوتر بۆ ئەمریکا و وەبەرهێنانی سەرمایەی ئەمریکی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا رەخساوە تا بتوانی کێبرکی لەگەڵ سەرمایەی چینیدا بکات کە ماوەیەکە خۆی خزاندۆتە ناوچەکەوە. ستراتیژی ئەمریکا ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا سازکردنی زەمینەی بەردەوام و پایەدارە بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەی ئەمریکی، ئەوەش ئەوە دەخوازێت کە لەرووی ئەمنی و سیاسیشەوە ناوچەکە دەستی بەجۆرێک لە جێگیری و ئارامی بگات.

ئەگەرچی دابینبوونی ئارامی و ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، وەکو ناوچەیەکی گرنگی سیاسی- جوگرافی و ئابوری زەمینێکی بەپیت و پر خێروبەرەکەت بۆ وەبەرهێنان و قازانج بۆ سەرمایەی ئیمپریالیستی و محەلی، دەمێکەیە بووەتە یەکێک لە پێداویستیە سەرەکیەکانی سەرمایە، بەلام تائێستا ئەم دەرفەتە بەهۆی ململانێ سیاسی- سەربازیەکانەوە نەتوانراوە برەخسێنرێت! هەڵبەتە چین وەکو بلۆکێکی ئابوری ئیمپریالیستی لەحاڵەتی گەشەو پێشرەویدا کە وەبەرهێنانێکی گەورەی لەناوچەکەدا بەرێخستوە و بەرنامەی فراوانکردنەوە و پەرەپێدانی هەیە، هەمیشە بەرژەوەندی لەوەدابووە ئارامی و جێگیری سیاسی لەناوچەکەدا سەقامگیربێت. تەنانەت ئەو کێشمەکێشەی لەنێوان ئێران و سعودیەدا سالآنێکی زۆر بوو بێچارەسەر مابووەوە، لەسەر دەستی چیندا کۆتایی پێهات! بەلام بۆ ئەمریکا ئێستا کاتی ئەوەیە بەرگری لە ئارامی و جێگیری سیاسی ناوچەکە بکات، تەنانەت ئەگەر بەرێکەوتن لەئێرانیشدا بێت، بەتایبەتی کە هەموو ئەو هێزە میلیشیانەی لەچاوی ئەمریکاوە مایەی نائارامی ناوچەکەو مەترسی بۆسەر ئیسرائیل بوون و لەسەر بەرەی ئێران هەژماردەکران، تاڕادەیەکی بەرچاو بێکاریگەر کراون!

ئێستا و دوای گۆرانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا لە پرسی ئۆکرانیا و ناراستەوخۆ ملدانی ئەمریکا بەواقعیەتی دیفاکتۆی شکڵگیری دنیای فرەجەمسەری، پرسی دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز و کۆتاییهێنان بە بارگژی و نائارامیەکان بووەتە یەکێک لە سیاسەتە پەیرەوکراوەکانی بۆرژوازی بەگشتی و بۆرژواز- ئیمپریالیستی ئەمریکی بەتایبەتی، بۆیە کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتەکان بەسەر دۆخی سیاسی و ئەمنی وولآتەکانیان و کۆتاییهاتنی بارگژیە سیاسی و ئەمنیە ناوخۆییەکان بەرەو ئەوەدەچێت ببێتە سیاسەتی داهاتووی دەوڵەتە ئیمپریالیستی و بۆرژوایە لۆکاڵیەکان. ئارامکردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ سەرمایە، پێویست بەوە دەکات هەرچی هێزی میلیشیاو هێزی چەکداری نادەوڵەتی و بزوتنەوەی چەکداری هەیە، کۆتاییان پێبهێنرێت و بچنەوە ناو پەیکەرەی دەوڵەتەوە. بەوجۆرە دەبێت دەوڵەتەکانیش خۆیان بۆ ئەو گۆرانکاریانە ئامادە بکەن کە بتوانن ئەو هێزانە لەناو خۆیاندا هەرس بکەن و جێیان بکەنەوە! ئەوەی کە جێبەجێبوونی بەکردەوەی ئەم سیاسەتە چەندە دەخایەنێ، بەندە بە کێشمەکێش و دانوستانی نێوان هێز و جەمسەرە جیهانی و دەوڵەتە محەلیەکانەوە هەیە. بەوجۆرە پرسی چەکی حەشدی شەعبی، هێزە فەلەستینیەکان لە لوبنان، هێزە چەکداریەکانی سوریا و لەناویاندا هەسەدە و رێکەوتنیان لەگەڵ حکومەتی شەرع، چەکدانانی پەکەکەو تێکەڵبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا و تەنانەت ئایندەی هێزەکانی یەکێتی و پارتی لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئایندەی عێراقدا، هەموویان دەچنە ناو ئەم ستراتیژیە سیاسیەوە کە ناویان لێناوە " کۆکردنەوە و تەنگەبەرکردنەوەی چەک لەدەستی دەوڵەت"دا.

ئۆکتۆبەر
بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی دەربارەی هەڕەشەکانی مەسعود بارزانی لە حکومەتی عێراق و واژۆکردنی گرێبەستی حکومەتی هەرێم لەگەڵ دوو کۆمپانیای ئەمریکی بۆ وەبەرهێنان لە بواری گازی هەرێمی کوردستاندا!

**ئۆکتۆبەر: دوای چەندرۆژێک لەهەڕەشەکانی مەسعود بەرزانی لەدەسەڵاتدارانی بەغدا، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، مەسروربەرزانی، سەردانی ئەمریکای کرد و لەگەڵ دوو کۆمپانیای ئەمریکی، واژۆی گرێبەستێکی ١١٠ ملیار دۆلاری لەبواری وەبەرهێنانی ووزەو گازی سروشتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند. تاچەند پێتان وایە هەڕەشەکانی مەسعود بەرزانی وواژۆکردنی گرێبەستێکی لەو جۆرە پەیوەندیان پێکەوە هەیبێت؟ بۆچی لەئیستادا پارتی وحکومەتەکەی دەست بۆ هەڕەشەو واژۆکردنی گریبەستێکی لەم جۆرە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا دەبات، لێکدانەوەی ئێوەچیە؟**

خەسرەو سایە: ئەگەر هەردوک ئەم هەنگاوەی پارتی لەچوارچێوەی دۆخی ناوچەکەو ئەو کێشانەی کە سالانێکە لەنیوان هەرێم و بەغدادا هەیە، دابنێن، ئەوا بەدڵنیاییەوە پێکەوە پەیوەست دەبن. بەدەربرینێکی تر دەکرێ بڵێم کە هەم هەڕەشەکانی مەسعود بەرزانی و هەم ڕاگەیاندنی واژۆی گرێبەستەکەی وزەو گازی هەرێم، دوو ئاماژەن بۆ دەرکەوتنی سەرەتاکانی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە هاوکێشەی هێزدا لەعێراق و لەبەرڕۆشنایی دۆخی ناوچەکە، ماوەیەکە بۆتە جێگای مشتومڕی ناوەندە سیاسیەکان. بەڵام بۆ وەڵامی ئەو بەشە لەپرسیارەکە کە دەڵێت: بۆچی لەئێستادا پارتی و حکومەتەکەی هەم بەزمانی هەڕەشە دەدوێ و هەم بەبێ پرسی حکومەتی عیراق گرێبەست واژۆدەکات؟، بەپێویستی دەزانم لەسەر دوخاڵی سەرەکی ڕاوەستم:

یەکەمیان: بەشێوەیەکی گشتی ڕووداوەکانی سوریاو شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە غەززە کە لەئەنجامدا بەشکستێک بۆ ئێران و هەموو ئەو دەستەوتاقمانەی بەناوی "بەرەی مقاوەمەت"ەوە لەناوچەکەدا ڕۆڵیان دەگێرا، گەیشت، پێگەی هێزە شیعەکان و خودی حکومەتەکەی سودانی، لەرزاندووە و بۆتە مایەی سەرهەڵدانی مشتومڕ و کۆمەڵێک ناکۆکی لەسەر چۆنیەتی تێپەڕکردنی دۆخی ئێستای عێراق و ئایندەی ئەو سیستەمە سیاسی و حکومەتیەی کە سالانێکە لایەنە شیعەکان بەدەخاڵەت و پشتیوانی ئێران و هێزە میلیشیاییەکانیان، هاوسەنگی هێزی بەقازانجی حکومەتی مەرکەزی بەرامبەر پارتی و ئەحزابی ناسیونالیستی کورد ڕێکخستبوو، لەئێستادا بەزیانی لایەنە شیعەکان کەوتۆتەوە و ملی ناوە بەگۆڕانکاری لەم هاوسەنگیەی هاوکێشەی هێزەکاندا. بەپێچەوانەشەوە ڕووداوەکانی سوریا و ناوچەکە و مەسەلەی چەکدانان و خۆهەڵوەشانەوەی پەکەکە و پێگەیەک کە هێزەکانی هەسەدە بەدەستی هێناوە، وەک ئەوەی کە مەسەلەی کورد و حزبە ناسیونالیستەکانی کرۆدتە جێگای سەرنج و چاوتێبڕینی ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژئاواو خودی ئیسرائیلیش تا وەک کارتێکی سیاسی بۆ ڕێکخستنەوەی ناوچەکە بەدەستیەوە بگرن. پێگەی پارتی وحکومەتەکەی لەبەرامبەر حکومەتی عێراقی و لایەنە شیعەکاندا بەرەوسەرەوە بردووە. جەولە دیبلۆماسیەکانی سەرۆکی هەرێم، بۆ ئەلمانیا و فەرەنساو تورکیا و ولاتانی کەنداو، تا دەرکەوتنی پارتی وەک لایەنێک بۆ یەکخستنی هێزە کوردیەکانی سوریا و ڕۆڵی حکومەتی هەرێم لە هاوکاریکردنی تورکیادا بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی چەکدانانی پەکەکا، تا داواکەی مایک پۆمیۆ، وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمریکا، بۆ پشتیوانیکردنی هەرێم.. هەموویان ئەم پێگەیەی پارتی و حکومەتەکەی بەرجەستە دەکەنەوە، لەبەرامبەر بەغددا.

دووەمیان: مەسەلەی لەئارادابوونی هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی عێراقە، کە هەم حکومەتەکەی سودانی خستۆتە حاڵەتێکی کاتیەوەو هەم لایەنە شیعەکانی خسۆتە بەردەم دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانییەوە و نایانەوێت ڕاستەوخۆ بکەونە بەرامبەر پارتی و حیزبە ناسیونالسیتە کوردەکانەوە، چونکە دەزانن لە پێکێهنانەوەی هاوپەیمانێتی و ڕێکەوتنەکانی داهاتوودا بۆ بەدەستهێنانەوەی پێگەی خۆیان پێویستیان پێیەتی. ئەمەش دیسانەوە هاوکێشەی هێزی بەگشتی لەبەردەم گۆڕانکاریدا داناوە... هەموو ئەمانەش وایان کردووە کە پارتی هەم زمانی هەڕەشە بگرێتەبەر وهەم بەبێ گەرانەوە بۆ بەغدا واژۆی گرێبەستەکانی لەئەمریکا بکات. واتە پارتی دۆخەکەی خوێندۆتەوەو دەزانێت کەهەم حکومەتی عێراق و هەم لایەنە شیعەکان لەو پێگەیەدا نین کەبتوانن وەک پێشوتر مامەڵە بکەن و فشاری زیاتر لەسەر پارتی و حکومەتی هەرێم دابنێن.

**ئۆکتۆبەر: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاگەیاندراوێکدا پێشوازیی لەگرێبەستەکرد، پرسیارەکە ئەوەیە کەبۆ ئەم گرێبەستە لەئەمریکا کراوە؟ ئایا هیچ پەیوەندیەکی بەسەردانەکەی ترامپ بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە هەیەو دەچێتە چوارچێوەی ئەو گرێبەستە ئابوری و**

⇦

**بازرگانیانەوە کە ترامپ لەگەڵ سعودیەو ولاتانی کەنداودا بەستویەتی؟ یاخود جۆرێکە لە فشاری سیاسی ئەمریکا بۆسەر حکومەتی ناوەندی؟**

خەسرەو سایە: بەدڵنیاییەوە ئەو گرێبەستەی کە مەسرور بارزانی لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکیەکاندا بەوجۆرەی کە واژۆی کردوە هەم فشارە لەسەر حکومەتی عیراق وهەم یەکێکە لەدەرهاویشتەکانی سەردانەکەی ترامپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام لەڕوانگەی سیاسەتەکانی ئەمریکاوە بەرامبەر بەئێران، ئەو گرێبەستەی مەسرور بەرزانی واژۆی کردووە، گۆشەیەک لەم سیاسەتانەی ئەمریکا پڕدەکاتەوە. واتە ئەوەی کە لەئێستادا ئەمریکا ڕاستەوخۆ و یەکلاینە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئامادەگی هەیە و لەهەوڵدایە وەک هێزی یەکەم و سەرەکی لە ڕێکخستنەوەی سیستەمی ئەمنی و بازرگانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕۆڵبگێڕێ و جێگایەک بۆ ئێران نەهێڵێتەوە، نەک هەر پشتیوانی لە گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم بەپێویست دەزانێت، بگرە وەک بەشێک لە سیاسەتەکانی بۆ بڕینی دەستی ئێران لەعێراق و لاخستنی، ئەم کارتەی بەدەستەوە گرتووە. ئەگەر پێشوتر ئەمریکا ناچاربووە لەگەڵ ئێراندا ڕێبکەوێت، تا پێگەی خۆی لەعێراقدا ڕابگرێ، ئەگەر ناچاربووە لەسەروو سزا ئابوریەکانی خۆیەوە لەسەر ئێران، ملبدات بەحکومەتی عێراق تا پرۆتۆکۆلی هاوردەکردنی کارەباو گاز لەگەڵ ئێراندا واژۆبکات، ئەوا دوای گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و ڕۆڵی یەکلایەنەی ئەمریکا، چیتر ئامادەنییە بۆ درێژەدان بەم ڕۆڵەی ئێران لەعێراقدا، هەم لەڕوی سیاسی و ئەمنی و سەربازیەوەو هەم لەڕوی ئابوری و بازرگانیەوە. بێگومان لەم نیوەدا گرێبەستەکەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکاندا، ئەم بۆشاییە بۆ ئەمریکا پڕدەکاتەوەو دەیکاتە بەدیل و فشارێک بەسەر حکومەتی عێراقەوە. لەیەک وتەدا مەبەستی ئەمریکا لەپشتیوانی کردنی گرێبەستەکەدا، ئەوەیە کە دەستی ئێران لەعێراقدا، بەیەکجاری چ لەڕوی سیاسی و ئەمنیەوەو چ لەڕوی بازرگانیەوە ببڕێ و لێرەشەوە خۆی وکۆمپانیاکانی یەکلایەنە لەعێراقدا ڕۆڵبگێڕن.

**ئۆکتۆبەر: بەپێی ڕاگەیاندنەکەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم، ئەو دوو گرێبەستە کۆنن و تەنها کۆمپانیای جێبەجێکار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەروەها وەزارەتی نەوتی عێراقیش لەڕاگەیاندنێکدا ئەو گرێبەستەی بە نایاسایی "باطل" ناوزەدکرد، تاچەند ئەم هەڵوێستە دژبەیەکانە ڕێگەدەدات بەوەی کەئەو گرێبەستانەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکیەکاندا واژۆیکردووە، جێبەجێ بکرێن؟ هاوکات خودی واژۆکردنی گرێبەستەکان چ کاریگەریەکی لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم وبەغدا دادەنێت؟**

خەسرەو سایە: لەڕوانگەی ئەو قسانەی پێشوتردا من وای دەبینم کە لەدۆخی ئێستادا، واژۆکردنی ئەو گرێبەستەی کە کراوە، زیاتر لایەنی سیاسی هەیە تا ئابوری و بازرگانی. واتە پارتی دەیەوێت لەبەر ڕۆشنایی ڕۆڵی ئەمریکا لەناوچەکەو ئەو ئەو پشتیوانیەی ڕایگەیاندووە، هەروەها بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە هاوکێشەی هێزدا، لەنیوان هێزەکانی ناوخۆی عیراقدا بەڕێوەیە، مەسەلەی گرێبەستەکان بکاتە کارتێکی سیاسی بۆ ناچارکردنی حکومەتی عیراق هەم بۆ هەناردە کردنەوەی نەوتی هەرێم و هەم بۆ ڕێکەوتن لەسەر پەسەندکردنی یاسایەک بۆ نەوت و گاز، بەوجۆرەی کە لە قازانجی پارتی و حکومەتی هەرێمدا بێت. خودی ئەوەی کە مەسرور بەرزانی بەبێ گەڕانەوەو ئاگاداری حکومەتی عیراق، واژۆکردنی گرێبەستەکانی، ئەویش لەبواری وزەو گازدا دەباتە ئەمریکا، لەکاتێکدایە کەدەزانێت حکومەتەکەی سودانی لەمەوقعیەتێکدا نییە جگەلە دەرکردنی ڕاگەیاندن، لەئێستادا کاردانەوەیەکی زیاتری هەبێت. بەتایبەتی وەک ئەوەی کە گرێبەستەکان ئاشکرایان کردوە بەرهەمهێنانی گاز ووزە بۆ بەرکارهێنانی ناوخۆ و کارەبا دەبێت، نەک بۆ ناردنەدەرەوە. ئەمەش سەختیەکی ئەوتۆ لەبەردەم پارتی و حکومەتی هەرێمدا لەڕوی دەستوری و قانونیەوە، وەک ئەوەی لەمەسەلەی بەرهەمهێنانی نەوت و گرێبەستەکانیدا هەیە، پێکناهێنێت. بەلام ئەوەی کە ئەم گرێبەستانە چ کاریگەریەک لەسەر پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا، دادەنێت، ڕاستیەکەی بەشێوازو ناوەڕۆکی ئەو گۆڕانکاریانەو پێگەی هەردوولا و لایەنەکان لەشکڵدان بەهاوکێشەی هێزو ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنەوە دەگەڕێتەوە کەبریارە لەمانگی ١١ی ئەمساڵدا سازبدریت.

بێگومان لەو چوارچێوەیدا کەناویان ناوە "سیستەمی فیدرالیزم"بەردەوام پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا لەژێر کاریگەری ڕوداوەکانی ناوخۆ و ناوچەکە و هێزهاوسەنگی نیوان لایەنەکان و دەستەوتاقمی میلیشیایی و دەخاڵەتی دەولەتانی ناوچەکەدا، واتاو فۆرمی جیاجیای بەخۆیەوە گرتوە کە جارێک ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانی بالادەستبون و جارێکی تریش هیزە شیعەکان. ئەگەر سەرنج بدەین لەقۆناغیکدا کە پێگەی هەرێم و ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد لەفیدرالیزمەکەی عێراقدا بەهێزبوو، وە لەبەرامبەردا کەحکومەتی عیراق ناجیگیرو ڕیزی شیعەکانیش پەرت و لێکدابراوبوو، پارتی و حکومەتی هەرێم باسیان لە ئابوری سەربەخۆ و ناردنەدەرەوەی نەوت و گرێبەستی پەنجا ساڵەیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی تورکیادا بەبێ حسابکردن بۆ دەستورو یاساو حکومەتی عیراق دەکرد، کاتیکیش کە بەدوای تەواوبوونی شەڕی داعشدا هاوکێشەکە گۆڕدراو لە کەرکوک و ناوچە دابراوەکان وەدەرنران، سەری تەسلیمیان دانەواند، نەک هەر فرۆکەخانەو داهاتی ناوخۆ و ئەمنیەتی سنورەکان و.. بگرە کەیسی نەوتیان بەتەواوی تەسلیم کرد و ئینجا کەوتنە ئەوەی کە بڵێن"ستراتیژمان لەبەغدایە"! ئیستاش وەک باسمان کرد دۆخەکە گۆڕدراوە و پارتی و حکومەتەکەی دەیەوێت مەسەلەی گازو وزە وەک کارتێک بۆ وەرگرتنی

ئیمتیازات و چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەغدادا بەدەستەوەبگرێ، لێرەوەیە کە دەڵێم ئەو گرێبەستانەی کە پارتی لەئەمریکا واژۆی کردووە، زیاتر لایەنی سیاسیان هەیە تا ئابوری و چۆنیەتی جێبەجێبونەکەشی بەداهاتوی گۆرانکاریەکان لەناوخۆی عیراق و شکلگرتنی هاوکێشەی هێزەوە هەیە.

**ئۆکتۆبەر: دەوری یەکێتی چی دەبێت لەم نێوەدا بەتایبەتی کە کێڵگەکانی گازی سروشتی هەموویان دەکەونە ناوچەی دەسەلاتی یەکێتی و زۆنی سەوزەوە؟ وەکو ئاگادارن تائێستا یەکێتی هیچ هەڵوێستێکی رەسمی لەوبارەوە رانەگەیاندوە! بەڵام وەزیری پێشمەرگە کە سەر بەیەکێتیە لەکاتی واژۆکردنی پرۆتۆکۆلەکەدا دەردەکەوێ!**

خەسرەو سایە: بەدڵنیاییەوە، بەبێ رێکەوتنی ژێربەژێرو نەهێنی نێوان یەکیەتی و پارتی و تەنانەت بەبێ رۆڵی ئەمریکاو ئاگاداربونی لەگرێبەستەکان هەرگیز پارتی ناتوانێت بەتەنها دەست بەرێت بۆکارتێکی لەمجۆرە. تائەو جێگەیەی بەدەوری یەکیەتی دەگەرێتەوە جگە لەوەی کە رازیکراوە بەوەرگرتنی بەشێک لە داهات و قازانجێک لەحاڵەتی جێبەجێکردنی گرێبەستەکاندا، بەڵام لەروی سیاسیەوە ناچارە لەگەڵ پارتیدا بسازێت و لەو نەخشەو سیاسەتەدا کە پارتی لە بەرهەمهێنانی وزە و گازدا گرتویەتیەبەر، جێگای خۆی پەیدابکات! چونکە یەکیەتیش ئەوە دەزانێت کە پشتیوانەکەی کە ئێران و ئەو لایەنانەبوون لە شیعەکان کە سیاسەتی خۆیان لەرێگای رۆڵی ئێران لەعیراق وناوچەکەدا دەبردە پێشەوە، زەربەی خواردوە و ناچارە لەگەڵ گۆرانکاریەکاندا خۆی بگونجێنێ و بەجۆرێک لەجۆرەکان لەگەڵ پارتیدا بسازێ و لێی نزیکبێتەوە و ئەم قۆناغەش تێپەرێنێ. نەرمینواندن لەئاست دانوسەنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و داواکردن لەپارتی تا بەیەک لیستی هاوبەش لەناوچە جێناکۆکەکان بەشداری بکەن، تا راوەستانی بێدەنگی لەئاست واژۆکردنی ئەو گرێبەستانەدا کە مەسرور بەرزانی واژۆیکردوە، هەمویان ئاماژەن بۆ ئەم پێگەیەی یەکیەتی لەدۆخی ئێستادا، بەگشتی و لەبەرامبەر پارتیدا بەتایبەتی.

**ئۆکتۆبەر: خەڵکی کوردستان چی خێرێک لەم سیاسەتە تازەیەی پارتی و حکومەتەکەی دەچنەوە؟ ئایا لەحاڵەتی جێبەجێکردنی گرێبەستەکاندا، هیچ گۆرانکاریەک بەسەر دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکدا دێنێ و لانیکەم نابێتە مایەی ئەوەی مەسەلەی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان رووبەڕوی کێشەیەکی تربکاتەوە؟**

خەسرەو سایە: راستەیەک هەیە کە نابێت لەبەرچاوی نەگرین، ئەویش ئەوەیە کە ئەم گرێبەستانە کە بەقەوارەی ١١٠ ملیار دۆلار واژۆکراوە، سەرمایەیەکی زەبەلاح لەدەرەوە دەهێنێتە ناوخۆی کوردستانەوە و ئەمەش کاریگەری لەسەر باری ئابوری کوردستان بەگشتی دەبێ و بووژانەوەیەک، بەتایبەتی لەرەخساندنی هەلی کاردا بەدواوە دەبیت، بەڵام بوژانەوەی ئابوری ئۆتۆماتیکی بەمانای بوژانەوەی دۆخی خراپی ئابوری و بژێوی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش نایەت، ئەمەی دواییان پەیوەندی بەئاستی خەباتی چینایەتی و هۆشیاری ریزەکانی کرێکاران و رێکخراوبون و لەمەیدانابونیان بۆ بەدەستهێنانی نان و کارو خزمەتگوزاریەکانەوە بەندە. ئەزمونی حوکمرانی ئەحزابی بۆرژوازی کورد ئەوەی نیشانداوە کە لەو قۆناغەشدا کە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت لەدەستی یەکیەتی و پارتیدابوو، خەڵک جگە لە گرانی و هەژاری و بیکاری و نەبونی خزمەتگوزاریەکان شتێکی تریان بەنسیب نەبوو، تەنانەت دواتریش برینی مووچەو وێرانبوونی ژێرخانی ئابوری و وەستانی بازاری بەدواداهات. هەربۆیە نابێت چاوەروانی زیاتر لەمە لە سیاسەتی نابەرپرسانەی دەسەلاتێک بکرێ، کە لەقازانجی بازارو کۆمپانیاکان و دووبنەماڵەی دەسەلاتدرادا، رۆڵی گێراوە. لەسەرێکی تریشەوە ئەم گرێبەستانەی واژۆکراون راستیەکەی تەنها بەکارخستنی کۆمپانیاکان و سەرمایەکانیان نیە، بەڵکو سیفەتی هاوبەشێتیان لەقازانجدا هەیە. هەروەک لەمیدیاکانەوە باس دەکرێت کە قازانجەکان بەرێژەی لە٤٤٪ی دەکەوێتەدەستی حکومەتی هەریم و هەردوپارتی دەسەلاتدارو لە٥٦٪ کۆمپانیاکان دەیبەن. ئەمەش راوورووتێکی ئاشکرای کۆمپانیا ئەمریکیەکانە، نەک خزمەتکردنی خەڵک.

تائەو جێگەیەشی کە ئاخۆ ئەم گرێبەستانە کێشەکانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم قوڵترو فراوانتر ناکاتەوە؟ راستیەکەی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لەگەڵ دوو دەسەلاتی دژەخەڵکی هەم لەهەرێم و هەم لەبەغدا بەرەورووون، ئەم دەسەلاتانە کە نەک هەر هیچ بەرپرسیاریەتیەک بەرامبەر بەژیان و گوزەرانی هاولاتیانی ژێردەستیانەوە نیشان نادەن، بەلکو ژیان و بژێوی ئەوان بە بازار و کۆمپانیاکان و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیانەوە دەبەستنەوە، هەموو شتێکیان لێچاوەروان دەکرێ و دوورنیە ئەم گرێبەستانەش وەکو پاساو و کارتێکی سیاسی لەبەرامبەریەکدا بەدەستەوە بگرن و مەسەلەی مووچەوقوتی فەرمانبەرانیش بخەنە کێشەیەکی بێچارەوە. واتە دەمەوێت بڵێم پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێم و بەغدا کە لەچوارچێوەی فیدرالیزمێکی قەومی لەرزۆک و شکستخواردودا پێناسەی بۆ دەکرێت، لەهەر دۆخێکدا دەرفەت دەکاتەوە کە هەریەک لەم دوو لایەنە یاری بە ژیان و گوزەرەنی هاولاتیانەوە بکەن، مەسەلەی مووچەش لە دەرەوەی ئەم بازنەیە نیە! نابێ خەڵک بەگشتی و موچەخۆرانی کوردستانیش بەتایبەتی، هیچ چاوەروانیەکیان لەم دوو دەسەلاتە هەبێت. بەڵکو بەخەباتی خۆیان دەبێ بۆ داخوازیەکانیان وبۆ باشکردنی بژێویان بروانن.

# پرۆسەی ئاشتی و هەڵوەشاندنەوەی چەکداری

## عوسمانی حاجی مارف

پەکەکە لە ١٢/٥/٢٠٢٥ ڕۆژی دووشەممە، بە ناوی هەنگاوێک بەرەو ئاشتی، هەڵوەشاندنەوەی خۆی و کۆتاییهاتنی چالاکی چەکداری ڕاگەیاند، کە زیاتر لە ٤٠ ساڵە بەڕێوەی دەبات. بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە تورکیا چۆن وەڵامی ئەم بژاردەیەی پەکەکە دەداتەوە و چۆن مامەڵەی دەکات؟ بەتایبەتی کە تائێستا وەک هێزێکی تیرۆرست دەیانناسێنێت،لەهەمانکاتدا ئەو پرسیارەش دێتە پێشەوە کە ئایندەی هێزە چەکدارەکان و ڕێکخراوەکانی پەکەکە دەیانەوێت چی بکەن و ئەتوانن چی بکەن؟! بەهەمان شێوە بە نارۆشنی ماوەتەوە.

ئۆجەلان وتی، ”لەم کەشوهەوایەدا داوای وازهێنان لە چەک دەکەم، بەرپرسیارێتی مێژوویی ئەم بانگەوازەش لە ئەستۆ دەگرم“، قسەکانی خۆی ئاراستەی پەکەکە کرد، ”کۆنگرەی خۆتان ئەنجام بدەن و بڕیاری پێویست بدەن بۆ تێکەڵبون لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگەدا، ”دەبێت هەموو گروپەکان چەک دابنێن، ڕێکخراوەکەش خۆی هەڵبوەشێنێتەوە“، پەکەکە، ئەم پێشنیارەی لەکۆنگەرەکەیاندا پەسەند کرد و بڕیاریاندا ئەمکارە جێبەجێ بکەن، بەڵام بۆ ئەنجامدانی، تەمومژێکی چڕی بەدوای جێبەجێبونی ئەم کارەدا بەخشیوەتەوە. هەرکەس و لایەنێک بەجۆرێک لەسەر لایەنی باش و خراپی ئەم کارە لێکدانەوەی خۆی ئەدات، کە خودی ڕابەرانی پەکەکە بە ئۆچەلانیشەوە، ئایندەی دوای ئەم کارەیان ڕون و وردناکەنەوە، لە هەمانکاتدا هیچ وردەکاریەک لەبارەی چۆنیەتی داماڵینی چەک و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بە کردەوە تائێستا قسەی لەسەر نەکراوە. لەلایەکی تریشەوە دوای ئەو کۆنگرەیەو بڕیاردانی کۆنگرە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، هێزە سەربازیەکانی تورکیا بۆردومانی ئەوناوچانەیان کرد کە لەسنوری هێزەکانی پەکەکەدایە!.

پێشنیاری ئەم پرۆژەی ئاشتیە، دەیەوێت پرۆسەیەک بێت کە هەرکەس بەناسنامەی قەومیەوە لەحکومەتێکی دیموکراتی تورکیادا بەئاشتی بژین! واتە کۆکردنەوەی ناسنامەی کورد و تورک بەناوی پێکەوە ژیان جەوهەری پرۆژەی ئاشتی و دیموکراسیە کۆمەلایەتیەکەی ئاپۆیە، لەکاتێکدا ناسیونالیزم و ناسنامە قەومیەکان لە هەر توندپێچی و گوڕانکاریەکدا دەکەونە بەرامبەر یەک و کارەسات دەخولقێنن.

تا ئێستا ڕوون نییە کە دوای ئەم پرۆسەیە ڕێبەری کارەکانی دواتریان، ئەو کارانەی کە نەزانراوە چین، کێ دەبێت، ئاخۆ ئوجەلان وەک ڕێبەرێک پەسەند دەکرێتەوە، لە کاتێکدا ئوردغان و حکومەتی تورکیا تائێستا باسی ئازادکردنی ئۆجەلانیان لە بەندی ڕێکەوتنەکانیاندا ئاماژەی پێنەداوە. لە لایەکی تریشەوە واپێدەچێت حکومەتی تورکیا دوای سەپاندنی هەڵوشانەوەی پەکەکە و چەکدارەکانی و کۆتایی هێنان بەم پرۆسەیە کارێکی وەهایان بە ئۆجەلان نامێنێت.

تا ئێستا ڕون نیە کە ئەنقەرە ڕەزامەندی بدات بە بەردەوامبونی ڕۆڵی داهاتوو بۆ ئۆجالان کە ڕێبەری بکات،لەهەمانکاتدا پێشبینی ئەوە دەکرێت تەنها ئەوەندە پێویستیان پێی بو سەرکردایەتی قۆناغی هەڵوەشآنەوەی پارتەکەی بکات و دەستبەرداری بژاردەی چەکداری ببێت، ئەمەش لە هەنگاوی یەکەمدا دەستکەوتێکە بۆ حکومەتی تورکیا. لەهەمانکاتدا بە سەرکەوتنێکی سیاسی بۆ ئوردغان ئەژمار دەکرێت، تا شانازی بە خواستی درێژەدان بە خولی سەرۆکایەتیەکەی بکات.

بەگشتی زۆرینەی دەوڵەتان و لایەن و کەسایەتیە سیاسیەکان ئەم بڕیارەی پەکەکە بە گرنگ وەسف دەکەن، دواتر ڕادەگەیەنن ئەگەری هەیە "ئاشتی و سەقامگیری بەردەوام" بۆ ناوچەکە بهێنێتە ئاراوە!

دامەزراندنی پەکەکە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨ کە لە لایەن عەبدوللا ئۆجالان و کۆمەڵێک خوێندکاری چەپەوە دامەزرا و لە ساڵی ١٩٨٤وە پێکهێنانی هێزی چەکداریان لە دژی دەوڵەتی تورکیا ڕاگەیاند. دواتر وەک هێزێک لە ڕیزی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، نفوزی خۆی لە کوردستانی تورکیا و سوریا و عێراق و ئێراندا فراوانکرد.

دوای زیاتر لە ٤٠ساڵ چالاکی چەکداری پەکەکە لەبەرامبەر حکومەتی تورکیادا، بەناوی پرسی کوردەوە نەیانتوانی چارەسەری ئەو کێشەیە لەڕێگەی چالاکی چەکداریەوە بە ئەنجامێک بگەیەنن، لەهەمانکاتدا بەگشتی کەمبونەوەی بایەخی چالاکی چەکداری درێژخایان بۆ چارەسەری هەر پرسێک لە دنیادا ناتوانێت دەستکەوتی ئەرێنی بدات بەدەستەوە، بەمانایەکی تر ئەوە بەبنبەست گەیشتنی خەباتی چەکداریە، کە ئەوەی لێ بەرهەم دێت ئیتر ناسیۆنالستەکان ناتوانن بە چالاکی چەکداری وەڵامدەرەوەی نوێنەرایەتی کردنی پرسی کورد بکەن، بۆیە پەکەکەش ئامادەیە بەناوی ئاشتیەوە دەست لەناوی پارتەکەیان هەڵگرن و شێوازی چالاکی سیاسی ئێستایان بگۆڕن، ئۆجالان کە دەیەوێت چەکدابنێ و شەریک بێت لەدەسەڵاتدا، ئەمەی ناوناوە "پرۆسەی ئاشتی "تورک وکورد"!، بەڵام دواتر ئەتوانن چی بکەن و چی دەکەن؟ پرسیارێکی جدیەو ڕۆژگار وەڵام ئەداتەوە.

لە دنیای واقعدا ئەوەی لە تەواوی ماوەی ٤٠ساڵی چالاکی چەکداری پەکەکەدا تێپەڕی، جگە لە شەڕو کوشتار و نەهامەتی و کارەسات و پاکتاوکردن و زیندانی و ئەشکەنجە و قوربانیەکی بێشومار و کوشتنی زیاد لە ٤٠هەزار ئینسان، ئاسۆیەک بۆ ئارامی خەڵکی کوردستان بەدی نەکراو زاڵبونی حکومەتی فاشستی تورکیا بەری پێنەگیرا، پرسی کوردیش لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوەو خەڵکی کوردستان دەستکەوتێکیان نەبو.

هەڵبەتە دۆخی سیاسی ناوچەکەش ئاڵوگۆڕی جدی بەخۆیەوە دیوە، بەتایبەتی بەدوای ڕوخانی ئەسەدو پاشەکشە بە ڕۆڵی باڵادەستی ئێران، بەرزبونەوەی پێگەی ئیسرائیل، هەوڵی گەڕانەوەی هەژمونی ئەمریکا بەسەر ناوچەکەدا، هەموو ئەمانە کاریگەریان لەسەر تەواوی پێکهاتەی هێزە سیاسیەکان و حکومەتەکانی ناوچەکەدا داناوە، کە لەدۆخێکی وەهادا پەکەکە ناتوانێت وەک هێزێک لە شێوازی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و چالاکی چەکداریەکەیدا، خۆی لەگەڵ ئەم دۆخە بگونجێنێت و جەخت لەسەر پێداگاری نوێنەرایەتی خۆی بۆ پرسی کورد نیشانبدات، بۆیە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە، پەکەکە وەک نوێنەری پرسی کورد دەخاتەلاوە، پێگەی سیاسی لەم ئاڵوگۆڕانەدا لەدەست ئەدات.

دوای ئەو هەموو ساڵە لە سیاسەتەکانی پەکەکە وەک هێزێک لە چوار چێوەی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بەناوی بەرژەوەندی و چارەنوسی کوردستانەوە چالاکیان کردوە، دواجار ستراتیژی بزوتنەوەکەی سەلماندی ئەو چالاکیانەی کردویانە ئاماجێکی تریان بووە، بۆیە بە هەنگاوێکی گەورە دەربارەی مەسەلەی کورد دەڕۆنە دواوە و واقعیەتی خۆیان دەسەلمێنن، بەڵام ئەو ئامانجەی کە وەک نمونەی هەر هێزێکی ناسیۆنالستی کورد بۆ خۆی دانابو هاوشێوەی هەرهێزێک و حزبێکی ناسیۆانالستی کورد کە دەیانەوێت شەریک بن لەگەڵ دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندا، ئەگەری ئەوەش هەیە فرسەت بهێنن و بەناوێکی ترەوە ئەو شەراکەتە لە گەڵ حکومەتی ناوەندا بەدەست بهێنن!.

ئەم بابەتە بە ڕوونی لە کۆنگرەی ١٢ی پەکەکەدا هاتووە، جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەو ئامانجانە دەکەنەوە کە هەیانبوو. پەکەکە ڕایدەگەیەنێت کە ئەرکی مێژوویی حیزبەکەی بریتیە لە گەیشتن بە هەلومەرجی دیموکراسی لە ناو حکومەتی تورکیادا، لەم بارەیەوە ئەوە شاراوەنیە کە مەبەست لەگەیشتن بەهەلی دیموکراسی ڕێکەوتنە لەگەڵ حکومەتی ناوەندا بۆ شەراکەت لەدەسەڵاتی سیاسیدا بە ناو و فۆرمی دیکەوە، بە واتای گەیشتن بە داخوازیەکانی مافی بۆرژوازی کورد، تا پشکی لە بازاڕ و دەسەڵاتی سیاسی لە تورکیادا هەبێت، هاوشیوەی ئەحزابی نایسونالیستی کورد لەکوردستانی عێراقدا.

ئەوەی شایانی باسە لەلایەن پەکەکەو لایەنگرانیەوە ئەم هەڵوەشاندنەوەیە وەک پرۆژەیەکی سیاسی داهێنەرانەی عەبدوڵلا ئۆجالان پێناسە دەکرێت، بەناوی چونیەتی گۆڕانی پرۆسەی خەباتی سیاسی لەسەر بنەمای بناغەکانی "ئاشتی و دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی"، واڕادەگەیەنین کە پرۆژەیەکە نوێنەرایەتی بەردی بناغەیەک دەکات بۆ بەدەستهێنانی کاریگەریەکی بەرچاو لەسەر پرسی کورد. ڕێکخراوێک کە زیاتر لە چوار دەیە بە ناوی داکۆکیکردن لە "مافی" خەڵکی کوردستانی تورکیا چالاکی چەکداری ئەنجامداوە، ڕێکخراوێک کە زیاتر لە چوار دەیە لە بەرامبەر حکومەتی تورکیا وەستاوەتەوەو شەڕی کردوە، ڕێکخراوێک کە بە هاوکاری ڕژێمێکی فاشیستی وەک کۆماری ئیسلامی بژێوی و هێز و مانەوەی خۆی پاراستبوو، ئەم بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیە، کە دەیەوێت لە میلیتاریزمەوە ڕوو لە خەباتی سیاسی بکات، کارێکی هێندە سادەو ئاسان و باوەڕپێکراو نیە، تا وەک پرۆژەیەکی سیاسی بە بیروباوەڕو نەخشەی سیاسی ئۆجالان لێکبدرێتەوە، بەڵکو واقعیەتی بنبەستی چالاکی چەکداری و ناچاربونی پاشکۆ بونی تەواوی لایەنەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی کوردە بە سیاسەتی پاراستنی یەکپارچەیی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، بەم شێوازەش خۆیان پێناسە دەکەنەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕاو دەوری خەڵکی لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا.

هەڵوەشاندنەوە و چەکداماڵینی هێزەکانی پەکەکە لەلایەن فەرماندە و سەرکردەکانی ئەو حزبەوە لە قەندیل، چیرۆکێکی سەرسورهێنەرە، گوایە هەوڵێکە بۆ دەستپێکردنی فۆرمێکی تری خەباتی سیاسی لە تورکیا، چونکە ئایندە ئەوە دەردەخات کە ئەم ڕەوتە لە درێژەی کردەوەی سیاسیدا بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، یان لە دنیای جەنجاڵی سەرمایەداری وڵاتێکی وەک تورکیا دەتوانێ چی بکات یان چۆن دەتوانێ نوێنەرایەتی سەرمایەدارانی کوردزمان بکات لە تورکیادا، داستانێکە ئایندەکەی ناتوانێ نیشانی بدات کە ئۆجالان و هەڤاڵەکانی ئەتوانن نوێنەرایەتی بکەن، ئەوەی ئەو هێزەی لە قەندیلەوەو نوێنەرایەتی ئامانجێکی سیاسیان دەکرد، ناتوانێت لەشارەکاندا بەو هێزەی ئایندەکەی نەزانراوە ئەنجام بدرێت.

بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی باڵی چەکداری ئەو حزبە ناتوانرێت لە گۆڕانکاریە ناوخۆییەکانی ناو قەوارەی حزبەکە و کاردانەوەکانی گۆڕانی ناوچەی کوردی لە باکوری عێراق و سوریا جیابکرێتەوە، سەبارەت بە بوونی پەکەکە لە سوریا و لایەنگرانی لە عێراق و ئێرانیش دوای جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە لە باری عەمەلیەوە، بە تێپەربونی کات دەبینین کە ئەم بڕیارە چۆن کاریگەری لەسەر لقەکانی پەکەکە لە ئێران و سوریا و عێراق دەبێت.

هەڵبەتە لەلایەکی تریشەوە درێژەدان بە چالاکی چەکداری لە بەرەکانی شەڕدا لە ژێر بارودۆخێکی نایەکساندا و بە لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنی کەرەستەی سەربازی و توانابیە گەورەکانی حکومەتی تورکیا، بە بەراورد لەگەڵ هێزی سەربازیی پەکەکە، هەرگیز بەردەوامی ئەو چالاکیە لە بەرژەوەندی

هێزێکی وەک پەکەکەدا نابێت، درێژەدان بەم شەڕە بە کەرەستەی شەڕی سوک و نیمچە قورس لە دژی یەکێک لە ئەندامە سەرەکیەکانی هێزەکانی ناتۆ، کە بە مۆدێرنترین و وردترین چەکی ئەم سەردەمە تەیار کراوە، بەردەوامیدان بەو چالاکیە کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

دوای چەند کاتژمێرێک لە ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی باڵە چەکدارەکەی پەکەکە خێزانەکان لە شاری دیاربەکر لە تورکیا کۆبوونەوە، ژمارەیەکی زۆریان بە گریانەوە وێنەی ئازیزانیان بەرزکردەوە. لەهەمانکاتدا دەیان وت چەک دانان باشە، بەلام نازانین لە داهاتوودا چی ڕوودەدات، "ئاخۆ ڕۆڵەکانیان دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵەوە، "ئایا زیندانیەکان ئازاد دەکرێن"؟ هێشتا ڕوون نییە!.

بەمانایەک ئەم بڕیارەی هەڵوەشاندنەوەی هێزی چەکداری پەکەکە، ئاکامەکەی بۆ خودی پەکەکە هەرچیەک بێت و بەچی دەگات، بەلام لە کۆتایدا بڕیارێکە هەزاران ئینسان لەسەرگەردانی و مەترسی بۆسەر ژیانیان دور دەخاتەوە.

★

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەرجۆرە بڕیارێک لەبارەی ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردزمانەوە لەهەر وڵاتێکدا، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتیی خەڵکەکەی و تەنها لەسەر بناغەی بڕیاری دەوڵەتی مەرکەزی، یان ڕێککەوتنی سەروخەڵکیی نێوان دەوڵەت و حزبە محەلیە بۆرژوا ناسیونالیستیەکان، بە نامەشروع و دژ بە ئیرادەی سیاسی ئەوان دادەنێت.**

# نان و ژیان و کەرامەت، خورافەی نەتەوەپەرەستی، یان شەڕی چینایەتی !

## ئیبراهیم حسین

بارزانی لەم دوو هەفتەی ڕابردوودا و لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی هەردوو یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکرات وەک هەر دیکتاتۆریەتێکی تری بۆرژوایی خۆسەپێن لە دنیای ئەمڕۆدا لە بەرامبەر کێشەی دەیان و سەدان هەزار کەس لە کارمەند و کارکردوانی کوردستان کە مووچە و حەقی کارەکانیان دەستی بەسەرداگیراوە لە قەولی میللەتەوە ڕایگەیاند، کە شەڕ و قوربانیەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ نان و موچە نەبووە.

ئەوەی کە گومانی تێدا نیە و خودی بارزانیش دانیپێدادەنێ و ڕاستیەکی بێپێچ و پەنایە ئەوەیە کە جوڵانەوەی کوردایەتی و خەباتێک کە لەژێر ئاڵای میللیگەرایی کوردایەتیدا کراوە لەپێناو ژیان و گوزەرانێکی شایستەدا و لەپێناو دامەزراندنی کوردستانێکدا نەبووە کە تێیدا مافی ژیانێکی شایستە بۆ هەموان، پەروەردە و خوێندن و دکتۆر و دەرمان و ئاسایشێکی کۆمەڵایەتی شایستە بۆ هەموان، یاسای ژیانی سیاسی و هەڵسوڕانی ئابوری و بەرهەمهێنان بێت.

دەبێ ئەوە لە بارزانی قبوڵ بکەین و وەک ئەو دانی پێدابنێین کە ئامانجی بزوتنەوەی سیاسی کوردایەتی و خەباتی ئەو هیچ یەک لەمانە نەبووە و هەر بۆیەش هیچ یەک لەو ئاوات و ئامانجانەی سەرەوە هیچ جێگەیەکیان لە کارنامە و بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردایەتیدا نەبووە.

بگرە ڕاستەوخۆ و هەر لەسەرەتاوە ئەم جوڵانەوەیە بەناچاری وەک بزوتنەوە و دەسەڵاتێکی بۆرژوایی و سەروخەڵکی کەوتە ئینکارکردن و سەرکوتکردنی هەر دەنگێک کە لەودیو دیوارەکانی کوردایەتیەوە، لەودیو مەقنەعەی ئایدیۆلۆژیای پووچی نەتەوەپەرەستیەوە بوو، کوردایەتیەک کە خۆی هیچ نیە جگە لە خورافاتی چینە دەسەڵاتدارەکان بۆ ئینکارکردنی دابەشبوونی چینایەتی و خەباتی چینایەتی و ئینکارکردنی جەوهەری هاوبەشی مرۆڤایەتی هاوڵاتیان.

بۆیە ناسیونالیزم و نەتەوەپەرەستی کوردایەتی وەک عەرەبچێتی و فارسیگەری و تورکچێتی و تاد... ئەفیون و زەهری سڕکەری هۆش و ئیرادەی مرۆڤایەتی کرێکار و زەحمەتکێشن لەو جوغرافیا دیاریکراوانەی ناوی وڵاتەکانیان لێنراوە و لە چوارچێوەیاندا، لەژێر هەر ناو و پیرۆزیەکدا بێت، هەمان جۆری چەوسانەوە، کە چەوسانەوەی کاری کرێگرتەیە، بنەمای ئەو بێبەشکردنەی مرۆڤایەتی کرێکار و زەحمەتکێشە لە ئازادی و ژیانێکی یەکسان.

بەڵێ ئەوە ڕاستە بارزانی و ئەو چینەی کە نوێنەرایەتی دەکا و دەسەڵاتەکەیان کێشەی مووچەیان نیە، چونکە ئەوان لەسەر کرێ و فرۆشتنی هێزی کار ناژین، بەڵکو وەک هەر جێگەیەکی تری ئەم دنیایە بارزانی و ئەو کەمایەتیەی نوێنەرایەتیان دەکا، لەسەر چەوسانەوەی هێزی کار و چنینەوەی بەری ڕەنجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دەژین، بۆیە کێشەی ئەوان نەک مووچە، بەڵکو لەگەڵ ئەو بەشەی کۆمەڵگادایە کە بەهۆی ئەوەی لە هەر جۆرە موڵکایەتیەک بێبەشکراون، ناچارن هێز و توانستی کاری خۆیان بەوان؛ بە خاوەنی سەرمایە و کۆمپاکانیان و دەوڵەت بفرۆشن تا زیدەبایی و سود و خزمەتگوزاریەکان بەرهەم بهێنن.

کوردایەتی و خورافەی کەرامەتی نەتەوەچێتی بەومانایە لە کێشمەکێشی ئێستادا ئالای ئایدیۆلۆژی و سیاسی بورژوازی کوردە لە چنگەکرێ و شەڕ و ئاشتی نەبڕاوەیدا لەگەڵ بەشەکانی تری بۆرژوازی عێراقی و غەیرە عێراقی لەسەر بەشی زۆرتر و کەمتر لە کۆی سود و سەرمایەک کە لە جوغرافیای عێراق و کوردستاندا لەبەردەستە.

لەونێوەدا ئەوەی کە جێی هەڵوەستەلەسەرکردنە ئەوەیە؛ بارزانی بە نوێنەرایەتی بۆرژوازی کوردایەتی ئەو بەشەی سەهمی چینی کرێکار و زەحمەتکێشیان و کارکردوانی کۆمەڵگە لەسەروەتی وڵات کە ناوی کرێ و موچەیە و تاقە سەرچاوەی ژیان و گوزەرانی ئەوانە، دەکاتە شاباش و ڕایکێشاوەتە ناو شەڕ و دەعوای گلاو چاوچنۆکانەی نێوان خۆیان لەگەڵ بەشەکەی تری بۆرژوازیدا، نەک ئەو بەشەی سەروەت و سامانی وڵات کە لەلایەن ئەوانەوە وەک سەرمایەیەکی گەورەی چەندین ملیاری دەستی بەسەرداگیراوە.

بارزانی لەکاتێکدا بەشی کرێکار و زەحمەتکێش لە مووچە دەرماڵە و ئەو لانیکەمانەی ژیانی چینی کرێکار و جەماوەری کارکردوانی کۆمەڵگە لە فەرمانبەر و مامۆستا و پەرەستار و تا دوایی وا بەشێوە سەخاوەتمەندانە بە ناوی کەرامەتی نەتەوەییەوە و لەسەروی ئیرادەی ئەوانەوە و بە ناوی ئەوانەوە شاباش دەکا، بەڵام لەولاوە ئامادە نیە تەنانەت دینارێک لە سەرمایەی چەندین ملیاردی خۆی و هاوچینەکانی لە خاوەن کۆمپانیاکان و سەروەرانی بازاڕ کە ئازادانە کەوتونەتە هەڵلوشینی موقەدەراتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش بکاتە قوربانی. لەکاتێکدا ئازادیەکی ڕەهای بۆ سەروەرانی بازاڕ و پارە و سەرمایە لە کوردستان فەراهەمکردوە و تەنانەت ئامادەیە هەموو بەش و سەکتەرەکانی ژیان لە خوێندن و پەروەردەوە تادەگات بە دکتۆر و دەرمان و کارەباشیان لەسەر تاپۆ بکات، بەڵام لە هەمان ئەو هەولێرەدا ئازادی قەدەغە کردوە، ڕۆژنامەنوس بە تاوانی قسەکردن و ڕادەربڕین زیندانیکردوە. مامۆستایەک کە لەسەر موچەکەی هاتۆتە سەرجادە، دراوەتە بەرشەق و بەکورتی دیکتاتۆریەتێکی لە ترس لەو ناوچەیە داسەپاندوە.

تا نەخێر سەردەمی ئەم کلاولەسەرکردنە چینایەتیە بەناوی خورافەی نەتەوەپەرستیەوە بەسەرچووە. کوردستان وەک هەر جێگەیەکی تر مەیدانی خەبات و ململانێیەکی سەخت و بێئامانی چینایەتیە لەسەر هەموو شتێک؛ لە نان و گوزەرانەوە بگرە تا دەگات بە حورمەتی مرۆڤ، لە مەدەنیەت و ئازادیە مەدەنیەکانەوە بیگرە تا دەگات بە چارەنوسی سیاسی و ئابوری و جۆری کۆمەڵگە و ئەوەی کە چی پیرۆزە و چی پیرۆز نیە، لە بەها ئەخلاقی و فەرهەنگیەکانەوە بیگرە تا دەگات بە یاسا و ڕێساکانی ژیانی مرۆڤ، لە دیکتاتۆریەت و سەرکوت و بێدادمافیەوە تا دەگات بە ئازادی و ئازادئەندێشی و کۆمەڵگەی ئازاد و خۆشبەخت.

لە کۆمەڵگەی دڵخوازی ئێوەدا مرۆڤ ئازاد نیە و خاوەنی موقەدەرراتی خۆی نیە، ئازادئەندێشی و هەڵبژاردنی ئازادانە تاوانە و بە زیندان و تیرۆر و داپڵوسین وەڵام دەدرێتەوە، لە کۆمەڵگەی ژێردەستی ئێوەدا گۆڕستانی ژنانی بێتاوانیشان هەیە کە ژمارەیان بە قەد قوربانیانی شەڕێکی گەورەیە. لە کۆمەڵگەی ژێر فەمانڕەوایی ئێوەدا مرۆڤەکان بۆ پەیداکردنی دەرفەتێکی شەرافەتمەندانەتر لە سوچێکی تری ئەم گۆی زەویەدا لە دەریاکان دەدەن و ڕەودەکەن. لە کۆمەڵگەی ژێردەسەڵاتی ئێوەدا کۆنەپەرەستی بێدادیەتی و ژیانی فەرهەنگی و مەعنەوی مرۆڤەکانی هاڕیوە. دەسەڵاتی ئێوە بێسەرکوت و دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرەستی بە پێوە ڕاناوەستێ. ئەمە مانای ژیانە لە کۆمەڵگەی ژێر دەستی ئێوەدا و مانای کەرامەت لای ئێوە دەکاتە قبوڵکردنی ئەم چارەنوسە و لەڕوانگەی ئازادیخوازی و ئینسانیەتەوە، لەڕوانگەی پێویستی هەر ئەندازەیەک ئاڵوگۆڕ بەقازانجی چارەنوسێکی مرۆڤانەتر، کەرامەت و شەرافەت بۆ چینی کرێکار و ژن و لاوی کوردستانی ئەم سەردەمە، تەنیا یەک مانای هەیە: ئەویش قبونەڵکردن و ڕەتکردنەوەی ئەم چارەنوسەیە کە بارزانی لە زمانی هەموو بۆرژوازیەوە نزیکەی سێ دەهەیە کردویەتی بە بەشی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان.

٢٤.٥.٢٠٢٥

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکو پرەنسیپێکی گشتی:**

**خوازیاری پێکەوەژیانی خەڵکی سەر بە نەتەوە جیاجیاکانە وەکو هاووڵاتیانی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوەیەکی وڵاتیی گەورەتردا. لەگەڵ ئەمەشدا و لەو وڵاتانەی کە پێشینەی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردزمان کێشەی کوردی کردوە بە کێشەیەکی سیاسی و قورسایی لەسەر کۆمەڵگاکان دەکات، ڕێگاچارەی سیاسی عادیلانە، گەرانەوەیە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان لەڕێگای بەرپاکردنی ریفراندۆمی گشتی و ئازاد لە ناوچە کوردنشینەکان، لە فەزایەکی دوور لە هەرجۆرە زەخت و فشار و هەڕەشەیەک، بۆئەوەی خەڵکی کوردستان بڕیار لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان بدەن لەنێوان مانەوە لەگەڵ باقی دانیشتیوان بە بەهرەمەندبون لە مافی یەکسانی هاوڵاتیبون یان جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ.**

# کوشتارو برسیکردنی خەڵکی غەززە و نارەزایەتی جیهانی!

نوری بەشیر



ڕۆژی ٢٠ی ئایار، "تۆم فلێچەر"؛ یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مرۆیی بە "بی بی سی" ڕاگەیاند؛ کارەساتێکی مرۆیی گەورە لە کەرتی غەززە بەڕێوەیە، نزیکەی ١٤ هەزار منداڵ مەترسی مردنیان لەسەرە ئەگەر لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا هاوکاری مرۆیی و خۆراکیان پێنەگات. ڕێکخراوە مرۆییەکان هۆشداریی دەدەن لەوەی سەرەڕای کوشتار، برسێتی "مەترسییەکی گەورەیە لەسەر کەرتی غەززە". لەم ڕووەوە ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، لەم هەفتەیەدا ڕەزامەندی لەسەر ٤٠٠ بارهەڵگر دراوە بۆ چوونە ناو غەززە، بەڵام ئەو پێداویستیانەی چوونەتە ناو غەززە، تەنها ١١٥ بارهەڵگر بووە. ئاماژەی بەوەشکرد تائێستا هیچ شتێک نەگەیشتووەتە "بەشی باکوری گەمارۆدراو"، هەرچەندە هەندێک ئارد و خۆراکی منداڵان و پێداویستی پزیشکی گەیشتوونەتە غەززە و هەندێک لە نانەواخانەکانی باشوور دەستیان بە کارکردن کردووەتەوە. گۆتێرێس وتی ئەمە دەکاتە "کەوچکێک لە هاوکاری لەکاتێکدا دەریایەک لە هاوکاری پێویستە". هەروەها ڕێکخراوە مرۆییەکان تەئکید دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە هەرئێستا زیاتر لە نیوملیۆن کەس لەبەردەم هەڕەشەی مەرگدان و سەرجەم خەڵکی غەززەش لەهەلومەرجێکی زۆر ترسناکدا ژیان بەسەر دەبەن، بەهۆی نەبوونی خۆراک و دەرمان و لەژێر هەڕەشەی تۆپبارانداندا. هەروەها تەئکید لەوە دەکەنەوە کە ڕۆژانە پێویستە زیاتر لە ٤٠٠ بارهەڵگر، لە خواردن، دەرمان، بگەیەنرێتە غەززەو ئەو ناوچانەی برسێتی تیدا پەرەی سەندووە.

ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە ترسناکانە لەلایەن ڕێکخراوە گەورە جیهانیەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ئەمریکی و ئەوروپیەکانەوە، کە دڵی هەموو مرۆڤێکی ئینساندۆست دادەخورپێنی، هاوکاتە لەگەڵ سەردانی ترەمپ بۆ وڵاتانی کەنداو باسکردن لە ئاشتی و ئارامی بۆ ناوچەکە! بەڵام لەناوەرۆکدا ئاشتیەکە بۆ سازدانی بازرگانی نێوانیان لەسەر حسابی خەڵکی ناوچەکەو بەتایبەت خەڵکی فەلەستین.

هەلومەجی فەلەستین و بەتایبەت غەززە، بەدوای زیاتر لە ٤٦٠ ڕۆژ لە کۆمەڵکوژی و ئاوارەیی و برسێتی، لەلایەن حکومەتی سەرمایەداری و فاشیستی دژی ئینسانی ئیسرائیلەوە، کە سەدان هەزار کەسی کردە قوربانی، نارەزایەتی جیهانی لێکەوتۆتەوە، نەک هەر بەدژی حکومەتی ناتانیاهۆ، بەڵکو بەدژی حکومەتانی سەرمایەداری جیهانی و لەسەروی هەموویانەوە بەدژی: ئەمریکا، بەریتانیاو وڵاتانی ئەوروپا کە کۆمەکی حکومەتی ئیسرئیلیان دەکەن و لەپاڵ کوشتارەکانیدا ڕاوەستاون. لەژێر ئەم فشارانەدا بوو کە بە ناوبژیوانی وڵاتانی قەتەر و ئەمریکا لە ١٥ی کانونی یەکەمی ئەمساڵدا ئەوە ڕاگەیانرا کە لەنێوان حکومەتی ئیسرئیل و حەماسدا ئاگربەست دەکرێ و ئامانج لێی کۆتاییهێنانە بە شەڕی ١٥ مانگە و ئازادکردنی دەستبەسەرکراوانی ئیسرائیل لە بەرامبەر ئازادکردنی دیلە فەلەستینیەکاندا. ئەوەش لە ئاستی فەلەستین و جیهاندا بوە جێگای خۆشحاڵی خەڵک و ئومێدیان خواست کە بەو ئاگربەستە کۆتایی بەکوشتارو برسیکردن بهێنرێت.

بەڵام هەر لەیەکەمین ڕۆژەکانی ئاگربەستەوە هەواڵێک لە وەستانی شەڕی حکومەتی ئیسرائیل دژ بەخەڵکی غەززە نەبوو، تاکو ئێستا ئیسرائیل بەردەوامە لەسەر کوشتارو کاولکاری و برسێتی خەڵکی غەززە، بەپێی هەندێ سەرچاوە، کوشتارو برسێتی لەم چوارمانگەی ئاگربەستدا بە نسبەتێکی زۆر بەرزبۆتەوە! لێکۆڵینەوەیەکی شۆکهێنەر ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی ڕاستەقینەی قوربانیانی شەڕی حکومەتی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بە زیاتر لە ٦٤ هەزار کەس

دەخەمڵێنرێت، بەجیا لەبێسەروشوێن بوونی هەزاران کەسی دیکە. بەبەراورد بە ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی فەلەستین بە ڕێژەی ٪٤١ زیادی کردووە. لەو ڕێژەیە ٪٥٩.1ی قوربانییەکان ژن و منداڵ. سیما باهوس، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکسانیی ڕەگەزی و بەهێزکردنی ژنان هۆشداری دا : "لە غەززە، لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ وە زیاتر لە ٢٥ هەزار ژن و کچ کوژراون، بەتێکڕا هەر کاژێرێک ژنێک و کچێک کوژراون." هەروەها نوسینگەی ناوەندی ئاماری فەلەستین تەئکید لە کوژرانی ١٨ هەزار منداڵ دەکاتەوە.

برسێتی لە غەززەدا لەئاستێکی ترسناکدایە! لەگەڵ ئەوەی کۆمەکێکی جیهانی زۆر لەسەر سنورەکانی غەززە لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە ڕاگیراون. مەزەندەدەکرێ بە ٩ هەزار بارگەڵگر، لە پێداویستی خواردن و دەرمان و شیری منداڵ. بەڵام سەرباری هوشداری نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە مەترسی برسێتی لەغەززەدا، بەڵام حکومەتی ناتانیاهۆ ڕێگای تەنها بەنزیکەی ١٠٠ بارگەڵگر داوە لە ڕۆژی چوار شەممەی ڕابردوودا کە بچنە ناو غەززەوە. لەم ڕووەوە ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس زۆر نیگەرانەو ئەو هەلومەرجە بە بەربەیەت ناو دەبات و هەروەها ڕێکخراوە مرۆییەکان تەئکید لەوە دەکەنەوە کە بۆ بەرگرتن بە برسێتی و کارەسات لە غەززە، ڕۆژانە پێویست بە زیاتر لە ٤٠٠ بارهەڵگر لە کۆمەک هەیە. ئەگەرچی قسەش لەسەر دزینی بارهەڵگرەکان هەیە، بەوەی بەشێک لەبار هەڵگرەکان لەلایەن ئیسرائیلەوە بەرەو شوێنی نادیار دەبرێن و هەروەها چەکداری نەناسراویش هەوڵی بردنی بارهەڵگرەکان دەدەن. لەپاڵ ئەوەدا ئەو یارمەتیانەی خەڵکی غەززە بووە بە سەرچاوەیەکی بازرگانی بۆ هەندێ لایەن و لەوانە حکومەتی ئەردەن بەرامبەر گومرگێکی زۆر وەردەگرێت.

ئەم وەحشیگەریەی لەغەززە بەڕێوەدەچێت، تەنیا ناتانیاهۆ و حکومەتەکەی لێی بەرپرس نیە، بەڵکو دەوڵەتانی سەرمایەداری ئەورپا و ئەمریکا شەریکی ئەم تاوانەن بەناوی ئەوەی کە ئیسرائیل بەگری لەخۆی دەکات بەرامبە ربە تیرۆر! لەکاتێکدا بەپێی ڕاگەیاندنی دەزگاکانی بۆرژوازی چوارده هەزار منداڵ و نیو ملیۆن مرۆڤ لەبەردەم مەرگدان، کەچی چەند سەد کیلۆمەترێک لەولای غەزەوە، لەسەر مەرگی ئەو منداڵانە لە وڵاتانی کەنداو شادی و خۆشی بازرگانی بەناوی ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵات ناوەڕاست سازدەکەن!

بەڵام نارەزایەتی خەڵکی مرۆڤدۆستی جیهان دژ بەم بەربەریەتە بەردەوامە، ئەوەبوو ئەم هێزە بەرفراوانە، لە خەڵکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست، لە چەپ و سۆشیالسیت، ڕۆژەکانی ١٧ و ١٨ی ئایار نارەزایەتیەکی بەرچاو و گەورەی سەدان هەزاری لەدڵی ئەوروپادا بەدژی حکومەتی ئیسرائیل و هاوپەیمان و هاوکارانی دەستپێکرد. لەبەریتانیا زیاتر لە نیو ملیۆن کەس و لە هۆڵەندا زیاتر لە سەد هەزار کەس کۆبوونەوە بۆ نارەزایەتی دەربڕین ڕزانە سەرشەقام. دژی برسیکردن و کوشتاری خەڵی غەززەو خوازیاری ڕاگرتنی پەیوەندی و هاوکاری ئەو حکومەتانەیان دەکرد لەگەڵ حکومەتی ئیسرئیلدا، هەروەها داوای چارەسەری یەکجاری کێشەی فەلەستینیان دەکرد بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژی و برسێتی ڕابوەستێت و دووبارە نەبێتەوە.

ئەم هێزە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستە لە ١٩ مانگی ڕابردوی جەنگی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی فەلەستین بەردەوام بووە لە نارەزایەتی و لەمەیداندابووە، نەک تەنیا فشاربووە بۆسەر حکومەتەکەی ناتانیاهۆ، بەڵکو فشاربوون بۆسەر ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپاو ڕێکخراوەکانی UNو دادگای دادی نێودەوڵەتی، کەهەندێ ڕێکار بگرنەبەر. هەر لەژێر ئەم فشاری هێزەدایە کە وڵاتەکانی؛ بەریتانیا، کەنەداو فەرەنسا دەیانەوێت پەیوەندیە بازرگانیەکانیان کەمبکەنەوە لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیلدا، هەر لەژێر ئەم فشارەی ئازادیخوازاندایە کە بڕیارە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەرۆژەکانی ١٧ بۆ ٢٠ی حوزەیران لە نیویۆرک بەڕێوەببات بۆ کاراکردنەوەی بیرۆکەی چارەسەری دوو دەوڵەت بۆ ئیسرائیل و فەلەستین.

بەداخەوە هەموو ئەم کارەساتە مرۆییانە لە غەززەو لە جیهاندا، لەکاتێکدا ڕوودەدەن کە مەیدان بۆ هێرشی سەرمایەداری بۆسەر مرۆڤایەتی ڕۆژانە توندتر دەبێتەوە بەهۆی لە مەیداندا نەبوونی ڕێکخراوی بەهێزی کۆمۆنیستی و کرێکاری و نەبوونی حکومەت و حزب و ڕێکخراوی خۆیان کە هێزی ئەوەیان هەبێت ڕێگە بگرن لەو بەربەریەتەی دنیای سەرمایەداری ئەمرۆ، کە بە بەرچاوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە ئەنجامدەدرێت. ئەوەی هەیە هێزێکی جەماوەری فراوانی مرۆڤدۆستە لەئاستی دنیادا بەدژی ئەو فاشیەتەی دنیای سەرمایەداری و کۆمەڵکوژی و برسیکردن لەلایەن ناتانیاهۆو هاوپەیمانەکانیەوە، دێتە سەر شەقام و ناوەندی شارەکان و دەڵێت نا بۆ کۆمەڵکوژی مرۆڤ، نا بۆ برسیکردن و کاولکاری، نا بۆ بەربەریەتی دنیای سەرمایەداری، بەڵی بۆ چارەسەری یەکجاری کێشەی فەلەستین.

★

**فشاری خەڵکی ئازادیخوازی دنیا و بەتایبەتی ڕۆژاوا، ئەو فاکتەرە کاریگەرەیە کە دەتوانێ ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا کە پشتیوانی بێمەرجی ئیسرائیلن لەم تاوانکاریەیدا ناچاربکات دەستبەرداری پشتیوانی بێمەرجیان بن لە ئیسرائیل و هاوکات فشاری لێبکەن بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکەی دژی خەڵکی منداڵان و خەڵکی مەدەنی فەلەستینی!**

# کراوەیی ئێران هاوشانی دانوستانەکانی لەگەڵ ئەمریکا

## عوسمانی حاجی مارف

تاران کراوەیی خۆی بۆ دانوستان و بەشداری ئابووری و تەنانەت وەبەرهێنانی ئەمریکی نیشان دەدات، هاوکاتی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و پەرەسەندنی نائارامی ناوخۆیی لە ئێراندا، کۆماری ئیسلامی ناچارکردووە بەپیرەوەچوونی ئەم کراوەییە بەهەند وەرگرێت، لەم رۆژگارەداو لەدۆخی سیاسی ناوچەکەدا کۆماری ئیسلامی زیاتر لەسەر مەترسی کۆتایی دەسەڵاتەکەی مایەی پەیوەندی و دانوسانەکانی دادەنێت، نەک مایەدانان لەسەر ئەوەی لە رێرەوی خواستی چاکسازیدایە و بەخەمی دانیشتوانی ئێرانەوەیە.

سەردەمانێک ئێران بە سەرپێچیکردنی نەزمی نێودەوڵەتی ناسرابوو، بەڵام کە ئێستا هاوسەنگی دەرەکی و ناوخۆیی رژێم لە گۆڕاندایە، رەنگە کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ململانێی زلهێزە جیهانیەکان دیاری بکات کە ئایا پێشهاتەکانی ئەم دۆخە رێگا بۆ گۆڕانکاریەکی درێژخایەن دەکاتەوە، یان بە مانایەک مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەتوانێت پارێزراو بێت!

کۆماری ئیسلامی رەزامەندیی خۆیان بەرامبەر بە خولی یەکەمی دانوستانە ئەتۆمیەکان لەگەڵ ئەمریکا دەربڕیوە کە لە عومان بەرێوەچووە، سەردەمانێک عەلی خامنەیی جەختی لەوە کردووە کە دانوستان لەگەڵ واشنتۆن نە ژیرانە و نە شەرەفمەندانەیە. لە هەمان کاتدا بەرپرسانی دیکەش لەوەش زیاتر رۆیشتون و دەستبەرداری ئەو بنەما ئایدیۆلۆژییانە نەدەبون کە دەیان ساڵە تیۆریزەی دەکەن و رژیم بە گەرمی پابەند بووە پێیەوە، بەم شێوەیەش لایەنگرانی خۆیان پێ فریوداوە. ئێستا دەڵێن دژایەتی وەبەرهێنەرانی ئەمریکی ناکەین و ئەم جۆرە پەیوەندیە ئابوریە پێویستی بە گەڕاندنەوەی پەیوەندیە دیپلۆماسییەکان دەبێت کە چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر پچڕابون.

خومەینی لە کۆتایی شەڕ لەگەڵ عێراقدا گوتی: "وەک چۆن خواردنەوەی ژەهر قبوڵ دەکەم ئاگربەست قبوڵ دەکەم"، ئەمڕۆ پێناچێت خامنەیی هەموو جامەکەی خواردبێتەوە، بەڵکو تەنها نیوەی خواردۆتەوە. نایەوێت تەسلیمبونی تەواو خۆی رابگەیەنێت، بەڵکو یەک بە یەک بازرگانی بە کەرەستەی خۆیەوە دەکات بۆ پاراستنی سەری رژێمەکەی، لە ئێستادا دەتوانین بڵێین جاریَ دۆخەکە روون نییە جگە لەوەی خامنەیی نیوەی پەرداخەکەی خواردووەتەوە، و ترامپ نیوەکەی تری دەجوڵێنێت.

سەبارەت بە داواکاریەکانی ئەمریکا، ترامپ بە دوای جێبەجێکردنی زۆرترین ئاستی مومکینەوەیە، هەوڵئەدات لە هەر پرسێکدا هەموو شتێک بەدەستبهێنێت کە خزمەت بە نەخشەو بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکا بکات، کە داواکاریە سەرەکیەکانی لەم دانوسانەدا بریتین لە کەمکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، سنووردارکردنی توانا مووشەکیەکانی و بەدەستهێنانی ئەو گەرەنتیانەی کە ئێران دەستهەڵگریَ لە پاڵپشتی و سیاسەتی پرچەکردنی هێزە میلیشیاکانی ناوچەکە.

هەروەها لە پشت پەردەوە ئەمریکا هەوڵێکی جدی ئەدات ئێران لە رووسیا و چین دابرێنێت، ئەمەش لە هەوڵێکدا بۆ راکێشان و ملکەچکردنی ئێرانە لە رووی سیاسییەوە بەرەو ئەمریکا، ئەم ئاراستەیە سیمایەکی پراگماتیک بە دانوستانەکان دەبەخشێت و پاڵ بە واشنتۆنەوە دەنێت کاریگەرییەکانی پەکین و مۆسکۆ لە ناوچەکەدا لاواز کات.

لەراستیا رێبازی ئیدارەی ئەمریکا بۆ دانوستان، جۆرێکە لە شەڕی دەروونی و سیاسەتی "یان شەڕ یان دانوستان"، کە لەبەرامبەر ئێراندا پیادەی دەکات، لە رێگەی ئەو پەیامە ناکۆکانەی رایاندەگەیەنێت، بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامی دەخاتە ناو چوارچێوەیەکەوە، دەرچونی لە ژێر سیاسەتەکانی ئەمریکا بە سەختی لەسەریدا بشکێتەوە.

ستراتیجی ئەمەریکا داوای دانوستانە لە نێوان توندتربونی سزا ئابورییەکان و هەڕەشە سەربازییەکان، بە ئامانجی فشارخستنە سەر ئێران بۆ ئەوەی ملکەچی دانوستان و بریارەکان بێت، جەختیش لەوە دەکات کە دەرئەنجامی ئەم ستراتیژە سەپاندنی ئیرادەی لایەنێکە بەسەر لایەنێکی دیکەدا، کە لە کەشێکی هەڕەشە و شەرەنگێزیدا بەیاندەکرێت.

ئەوەی پێویستە بیهێنینەوە پێشچاو کاتی خۆی دوای تیرۆرکردنی قاسم سولێمانی خامنەیی سوێندی "تۆڵەی توند"ی لە بەرامبەر ئەو کەسانە خوارد کە بەرپرسن لەو کاری تیرۆرکردنە، بە تایبەتی لە بەرامبەر ترامپدا، بەڵام دوای پێنج ساڵ، رژێمی ئێران ئێستا لەگەڵ هەمان ئەو گرووپانەدا دانوستان دەکات و ئامادەیە بۆ رێکەوتن، کە پێشتر سوێندی لەناوبردنی خواردبون.

مەسعود پزیشکیان لەم دوایانەدا رایگەیاند کە "رێبەری مەزنی شۆڕش" دژایەتی وەبەرهێنەرانی ئەمریکی ناکات، هەڵبەتە نووسینگەی خامنەیی ئەمەی رەت نەکردوەوە، کە پێچەوانەی لە مێژینەی گوتارەکانی خامنەئیە، کە ئێران بە هەموو هێزی خۆیەوە بەرەنگاری هەر جۆرە هاتنە ناوەوەیەکی ئابووری یان سیاسی ئەمریکای بە بنەما وەرگرتبو.

لەلایەکی ترەوە ئاراستەی رژێمی ئێران بە هەر پەرشوبڵاویەکەوە لەبەرامبەر دانیشتوانی ئێراندا پیادەی دەکات،

نیشانەکانی شلکردنەوەی جێبەجێکردنی توندوتیژی بە ئاشکرا پێوەدیارە، ئەو بابەتانەی بەدژی ئیسلام پێناسەی دەکردن و سەردەمانێک بە توندی کۆنترۆڵ دەکران، ئێستا بە دەستێوەردانی کەمتر (وەک فێستیڤاڵەکانی کولتووری و مۆسیقا و گەشت و گوزار) بەڕێوەدەچن، هەرچەندە حکومەت ڕێوشوێنی نوێی بۆ چاودێریکردنی پابەندبون بە حیجاب هێناوەتە ئاراوە، بەڵام زۆرێک لە ژنانی شارە گەورەکان بەردەوامن لە سەرپێچیکردنیان بە ئاشکرا و دەسەڵاتداران لە جێبەجێکردنی تەواوی سنووردارکردنەکان وەستاون، ئێستا سۆشیال میدیای زمانی فارسی پڕ بووە لەو گرتە ڤیدیۆیانەی زۆرێکیان لە ناوخۆی ئێراندا تۆمارکراون، کە شارەزایان، چالاکوانان و بەرپرسانی پێشوو بە ئاشکرا باس لەو بابەتانە دەکەن کە سەردەمانێک ئەوانەی ئێستا لەناوخۆی ئێراندا دەبینرێت، بە حەرام دادەنراو و بەیاسا قەدەغە کراون.

بەرچاوترین بێدەنگی ڕژێم پەیوەندی بە پۆشینی زۆرەملێی حیجابەوە هەیە، بەرپرسان بەشێوەیەکی کاریگەر زەمینەیان بە زۆرینەی ژنانی ئێران ڕەخساندوە کە دژایەتی ئەو ڕێسا و یاسایانە دەکەن، ڕژێم ترسی هەیە لە سەرهەڵدانەوەی ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی"، ئەم دڵەڕاوکێیە بە تایبەتی لە وتاری جەژنی ڕەمەزاندا بە خامنەییەوە دەبینرا، بە مانایەک دان بە ئەگەری ڕاپەڕینێکی ناوخۆی ئێراندا دەنێت.

سازدانی ئیمتیازات بۆ پاراستنی مانەوەی کۆماری ئیسلامی و شیعەگەرا، ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیدا داکوتاوە، خومەینی لە ساڵی ١٩٨٣دا ئاماژەی بەوەدا کە "پاراستنی کۆماری ئیسلامی لە پاراستنی هەر کەسێک گرنگترە، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە ئیمامی ئەو سەردەمەش بێت"، بە ئاماژەدان بە ئیمامی دوانزەهەم کە لە دڵی عەقیدەی شیعەی ئێراندایە. خومەینی توانی ئەم ئارگیومێنتە بخاتەڕوو، چونکە کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ خودی ئیسلام یەکسان کرد.

لەگەڵ دەستهەڵگرتن لە درێژەدان بە ئیمتیازاتی قووڵی ڕژێم لە ناوخۆ و دەرەوە، پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە، تا چ ڕادەیەک دەتوانرێت پارێزگاری لەم بە "ئیسلامی" کردنە بە هەند وەربگیرێت؟ لەکاتێکدا کە ئێستا هەڕەشەی وەرینی شوناسی "شۆڕشگێڕانە"ی ڕژێمی ئیسلامی دەستی پێکردووە، وا دیارە تا دێت ئامادەیی پووچەڵکردنەوەیان زیاتر دەبێت، ئەگەر ڕژێم دەستبەرداری جێبەجێکردنی توندی بنەما ئاینیەکەی بێت، ئەوا ڕابەران و دڵسۆزانی ڕژێمی ئێران لە کەشتیەکە دادەبەزن.

پەرەسەندنی ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە توخمەکانی ناو ناوەڕۆکی ڕژێمی ئێران زیاتر بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت لە بەرژەوەندی مۆدێلێکی کۆماری ئیسلامین کە لە سیمای دەرەکیی ڕژێمەکەیاندا، لە توندڕەوترین توخمی ئایدۆلۆژی ئیسلامی پاشەکشە بکەن. هەرچەندە خامنەیی بە شێوەیەکی نەریتی هاوپەیمانی توندڕەوەکان بووە، بەڵام پێشهاتەکانی ئەم دواییە ئاماژە بەوە دەکەن کە دەنگی پراگماتیکتر دەست دەکەن بە کاریگەری لەسەر ئایندەی ئێران، ئەمەش بیرۆکەی ئاساییبونەوەیە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری ئێراندا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک ئامرازێکی پێویست بۆ پاراستن و مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە شێوازێکی گونجاوتردا، گەر بۆیان بچێتە سەر.

هەر لەو چوارچێوەیەدا گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر چین بۆ ڕاگرتنی کڕینی نەوتی ئێران بەشێکە لە سیاسەتێکی بەرفراوانتری ئەمریکا کە ئامانجی خنکاندنی ئابووری ئێرانە لەڕێگەی کەمکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی ئێرانەوە، لەڕێگەی کاریگەری دانان لەسەر هاوبەشە بازرگانیە گەورەکانی وەک پەکین. ئەمەش ڕێبازێکی سیاسیە نەک سەربازی، لە کۆتاییدا ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئێران و ئەمریکا ڕەنگە بەم زووانە ڕێککەوتنێک سەبارەت بە پرۆژەی ئەتۆمی ئەنجام بدەن.

ئەوەی پێشبینی دەکرێت ئەمریکا نایەوێت ڕاستەخۆ گوشارو هێرشی سەربازی بخاتە ناوخۆی ئێرانەوەو کۆتایی بەدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بهێنێت، زیاتر جەختکتردنە لەسەر کۆتاییهێنان بەو هێزە میلیشیایانەی بە پشتیوانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بڵاوبونەتەوە. ئەوەش کە ئێستا ترامب لە ڕێرەوی ئەم دانوستاندا دەیەوێت بەسەر ئێراندا بیسەپێنێت، هەوڵی کۆتاییهێنانە بە حوسیەکان لەیەمەن و حەشدی شەعبی لە عێراق، تا زیاتر لاوازکردنی ئێران بسەلمێنێت و ناچار بە تەسلیمبونی بکات.

ئەم کێشەو ململانێیە بەچی دەکات و چەند دەخایەنێت؟، کاتێکی دیاریکراوی نیە، چونکە تائێستا ئێران نەچۆتە ئەو فازەی ئەمریکا هەرچی وت، ملکەچی دەبێت، لەلایەکی ترەوە ململانێکە تەنها ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و ئێرانیش لەلایەنێک نیە، بەڵکو لەئاستێکی فراواندا ململانێ و کێشەی گەورەی جەمسەرەکانی وڵاتانی ئیمپریالیە، کەدەور دەبینین لە پرۆسەی گەیشتن بە یەکلایی کردنەوەی دۆخەکە، کەلەم بارەیەوە پەیوەندیەکانی ڕوسیا و چین بە ئەمریکاوەو ڕێکەوتنیان لەسەر نەخشەی ناوچەکە کاریگەریەکی بەرچاوی هەیە، لەسەر ئایندەی ناوچەکە بەگشتی و ئێران بەتایبەتی.

ئەوەی لە ئێستادا بۆ کۆماری ئیسلامی هەستیارە، هەوڵی هەڵمژینی قسە توندەکانی ترەمپە و پێشگرتنە بە ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر ئەمریکادا. بۆیە لەم دواییانەدا چەندین ئاماژە بە چەکداماڵینی حزبوڵڵا لە لوبنان و میلیشیاکانی ژێر چەتری هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق کراوە، بۆیە ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئێران کلیلی یارییەکەی بەدەستەوەیە و توانای بەستنی چالاکیەکانیانی هەیە، هەرکات لەگەڵ ئەمریکا بە ڕێکەوتن گەیشتن دەکرێ جێبەجێیان بکات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا لەدوا شیکردنەوەدا ناتوانرێت کۆماری ئیسلامی لەژێر تورەیی نارەزایەتی جەماوەریدا ڕزگار بکرێت.

☆

# کارەبای ٢٤ کاژێری یان ڕووتاندنەوەی خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت!

پاش زیاتر لەسی ساڵ لەحکومڕانی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورد، ڕۆژی ١٤ی ئایار، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر نرخی کارەبا پەسەند کرد. بەپێی بڕیارەکە بنەمای هەر کیلۆواتێک لەهەنگاوی یەکەمدا بۆ سەرفکردنی ٤٠٠ چوارسەد وات کارەبا لەمانگێکدا بە٧٢ دینار دانراوەو لەهەنگاوەکانی دواتریشدا ئەم نرخە بۆ سەد هەزارو زیاترو زیاتر بەرزدەبێتەوە، ئەمەش بەبەراورد بەنرخی ئیستای کارەبای نیشتمانی و مانگانەی مولیدە ئەهلیەکان، سەپاندنی نرخێکی چەند قات و گرانییە بەسەر هاوڵاتیاندا. تەنانەت ئەگەر ئەو نرخانەی کەئەنجومەنی وەزیران لەسەر کارەبا دیاریکردوە بەراورد بکرێت بە لانیکەمی کرێ وموچەی مانگانەی کرێکاران و کارمەندان وخەڵکی کەمدەرامەت کەلە٤٠٠ هەزار دینار تێناپەڕیت، ئەوا مانگانە خەرجیەکی زیاتر لەسەد هەزار دینار بەقازانجی کۆمپانیاکان دەخاتە سەرشانی هاوڵاتیان، کەجگەلەسەپاندنی بارگرانیەکی زیاتر هیچی ترنیە..

بەدڵنیایەوە بڕیارێکی ئاوای ئەنجومەنی وەزیران و حکومەتێک کەهیچ شەرعیەتێکی نەماوە، هەوڵێک نیە بۆ چارەسەری کێشەی کارەبا لەهەرێمی کوردستاندا، کەسالانێکی زۆرە هاوڵاتیان پیوەی دەناڵێن، بەڵکو ئەمە گۆشەیەکی ترە لەسیاسەتی باجگیری و سەپاندنی گرانی وپڕکردنی گیرفانی کۆمپانیاکان وبەرپرسانی حکومەت و ئەحزابەکانی دەسەڵاتدار لەسەر حسابی ڕووتاندنەوەی خەلکی هەژاروکەمدەرامەت. ئاشکرایە کە کارنامەی حکومەت و کابینە یەکلەدوای یەکەکانی چینی دەسەڵاتدار وەک نوێنەری سەرمایەداران وخاوەن کۆمپانیاکان شتێکی زیاتر نەبووە لەوەی کەژیان و گوزەرانی خەڵک وخزمەتگوزاریەکان بەبازاڕەوە گرێبدەنەوەو هیچ بەرپرسیاریەتیەک هەڵنەگرن، بەتایبەتیش کەکابینەکەی مەسروربەرزانی کەبەدروشمی چاکسازیەوە کەوتەکار، لەیەکەمین هەنگاوەکانیدا دەستیبرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی دامەزراندنی مەرکەزی وفراوانکردنەوەی کاری پەیمانکاری و بەگرێ بەستکردنی کاتی کاری مامۆستا وکرێکاران وسپاردنی هەموو بوارە خزمەتگوزاریەکان، لەوانە بواری خوێندن وفێرکردن، تەندروستی، ڕیگاوبان، گەیاندن، خانوبەرە، پاککردنەوەی خۆڵ وخاشاک.. بەکەرتی تایبەت و زیادکردنی ڕسومات وسەپاندنی سەدان باج، بەڕادەیەک کە قوت و داهاتی خەڵک لەهەرکوێ بێت ئەوا ئەم کابینەیە چنگی لێگیرکردوەو دەستی ڕوووتاندنەوەی بۆ درێژکردوە.

ئەم سیاسەت وپەلامارەی حکومەت لەکاتێکدا بەڕێوەبراوە کەپێنەدان ولێبڕین و پاشەکەوتکردنی موچەو سەپاندنی هەژاری، گرانی، بێکاری و یاریکردن بەنرخی ڕۆژانەی دراو بەسەر هاوڵاتیاندا گۆشەیەکی دزێوی ئەم سیاسەتی چاکسازییەی حکومەت بووە. لەئێستاشدا، گرانکردنی نرخی کارەبا لەژێر ناوی دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاژمێری ئەڵقەیەکی تری ئەو ڕاوو ڕووتەیە کە حکومەتی هەرێم بڕیاری لیداوە.

هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەقیانە لەکارەبای ٢٤ کاتژمێری وخزمەتگوزارییەکان، بەهرەمەند بێت، دەسەڵاتداران و حکومەتەکەشی ئەرکیانە لەسەر ئەو داهات و سامانە زۆروزەبەندەی بەردەستیان، خزمەتگوزاریەکانی وەک خوێندن، تەندروستی، گەیاندن وڕێگاوبان، پاککردنەوەی شار.. بەخۆڕایی وەیا بەنرخێکی ڕەمزی، بەستانداردێکی پێشکەوتوو دابین بکەن.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەتەوای توانایەوە لەبەرامبەر بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ گرانکردنی نرخی کارەباو هەر خزمەتگوزاریەکی تر ڕادەوەستێت وبەبڕیارێکی دژەخەڵکی وپەلامارێک بۆسەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان دەزانێت. خەڵکی وکوردستان نەک هەر نابێت ڕێگابدەن ئەم دەستدرێژی وڕوتاندنەوەیەی دەسەڵاتداران بەسەریاندا بسەپێت، بەڵکو دەبێت بەدەربڕینی ناڕەزایەتی وخەباتی یەکگرتوانەیان وبەگرتنەبەری شێوازی گونجاوی خۆیان لەدژی ئەم بڕیارە بوەستنەوەو دەسەڵاتداران ناچار بەپاشەکشەکردن بکەن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١٥ی ئایاری ٢٠٢٥**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman–maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashty jamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com